# فۆبیای دەسەڵاتی کوردی لە دژی ئازادی بیرورِا!

# (ئینتەرنێت و زمانی زبر بەهانە)

**حەغەفور**

hamaxafoer@yahoo.com

***تارمایی ئینتەرنێت!***

**نەخش و تەئسیری ماڵپەرِو رِۆژنامە ئینتەرنێتیەکان بەسەر شانۆی رِووداو و ململانێکانی نێوان جەماوەری کوردستان و دەسەڵاتەوە-هەرچەند مەحدودیش بێت- لە بەرژەوەندی خەڵکدا وەخۆکەوتووە. ئەم دیاردە نوێیە کە وەکو پانتایی و کەناڵێکی زۆر بچووک بۆ مومارەسەی ئازادی بەیان و ئازادی بیرورِا لە مەوداو مەجالی نووسین و گوتاری سیاسی و ژورنالیستیدا جێی خۆی لەناو رِۆژنامەوانی و میدیای کوردستاندا کردۆتەوە، کەناڵ و دەروازەیەکە بۆ بردنەسەری ئاستی هوشیاری و رِەخنەو نارِەزایەتی خوارەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتدا. ئەم مەسەلەیەش گرفت و کێشەیەکی سەرنجرِاکێشی خوڵقاندووە لە ئاستی عەقڵی بزوێنەری میدیای دەسەڵاتدا لە کوردستان. بێتوانایی و فەشەلی ئەحزابی حاکم و دامودەزگای تەبلیغاتی و میدیای پاشکۆو بندەست لە وەڵامدانەوەی دەنگی رِەسای رِەخنەو توورِەیی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دژی گەندەڵی و بێسەرەوبەرەیی و رِاوورِووت و بێمافی، بێئومێدبوون لە کپکردنەوەی تەوژمی ئەم بزووتنەوە جەماوەریە، دەسەڵاتی ناچارکردووە بە بیانوی "زبرنووسی و ناوزرِاندن و فەوزاو ئیستیغلالی رِووبەری ئازادو ئەم شتانەوە لە کوردستان" بەشێوازێکی ناشارستانی و دوور لە مۆرِاڵی برِوابوون بە ئازادی بەیان و بیرورِا حەملەیەک بەرِێبخات بۆ قفڵکردنی ئەو پەنجەرەو رِووپەرِە ئینتەرنێتیە، کە بۆتە سەکۆو بڵندگۆیەکی جەماوەری و ئازاد. نەک تەنها بۆ رِەخنە لە حیزب و دەسەڵات و دامودەزگاکانی، بەڵکو بۆ ئیبرازی وجودو خستنەرِووی ئەحساس و ناخی ئینسانی ئەم کۆمەڵگایە بەرامبەر جیهان و هەموو پێکهاتەو دیاردەکانی. لە واقعیشدا مەبەست لەو کەمپینە تەبلیغیەی میدیای حاکم هەنگاوێک نییە بێگومان لەپێناو بەرزرِاگرتنی کەسایەتی و حورمەتی تاکی کوردی و لەوانەش رِۆژنامەنووسان، بەڵکو بەناوی چەندین دەستەواژەی مەبەستدارو داتاشراوەوە لە دژی ئەو کەسانەی سوود لە ئینتەرنێت دەبینن بۆ گەیاندنی رِەخنەو رِاو بۆچوونیان بە گوێی خەڵک و کۆمەڵگاکەیان، خەریکی چنینی پیلانێکە نەک هەر لە دژی نووسەران و رِۆژنامەوانان، نەک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادی رِۆژنامەگەری، بەڵکو لە دژی ئازادی بەیان و ئازادی دەربرِینی بیرورِا وەکو مافێک کە هەر ئێستا لە کوردستان بە هەر ئاستێک مومارەسەدەکرێ. بەمجۆرە ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کەناڵی میدیای بەردەستییەوە دەیەوێ رِێگاخۆشکات بۆ خنکاندنی هەر دەنگ و جورئەت و موبادەرەیەکی تاک و کۆی کۆمەڵگای کوردی کە بە مەبەستی مومارەسەکردنی هەقی ئازادی بەیان و بیرورِاو لەوانەش چۆنێتی و شێوازی داواکردنی مافە ئینسانییەکانی خۆی وەکو شێوەو شکڵی رِەخنەو دەربرِینی نارِەزایەتی لەپێناوی ئاو و کارەباو خزمەتگوزاریەکان خۆی نیشانبدات.**

دەسەڵات و میدیایەک لە 16ساڵی ڕابردوودا بە دەیان جار ئازادی بەیان و بیروڕا،یانی جوانترین و حەیاتیترین دیاردەی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی خستبێتە ژێر پێیەوە، نووسەران و ڕۆژنامەوانان و ڕەخنەگران و ئازادیخوازانی ئەتک، شوێنبزرو تیرۆر کردبێ لەسەر بەیانکردنی قسەو دەردی دڵیان و خستنەڕووی بیروڕایان، چاوقایمییە هێشتا ئەو غیرەتبکات باسی ئیستیغلالی ئازادی بیروڕا بکات لەلایەن خەڵک و ئازادیخوازانەوە. ئەمە ئیتر دەستدرێژی و پەلامارێکی بێپەردەو کۆنەپەرستانەیە بۆ سەر ژیان و حورمەت و پیرۆزی ئینسان و کۆمەڵگا. بەشداری هەموو ئەو ئینسانانەی بڕوایان بە ئازادی بەیان و بیروڕا هەیە، ئازادیەک کە چ وەکو مافێک چ وەکو واقعییەتێک ڕۆژانە ممارەسەدەکرێ و لە ڕێی ئەوەوە تاک پەیوەندی دەروونی و ئەحساسی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە هەموو دیوێکی ڕوخساری ژیانی کۆمەڵایەتی پراتیک دەکات، بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەو شکستپێهێنانی ئەم حەملە چەواشەکاریەی میدیای دەسەڵات لە دژی یەکێک لە موهمترین و سەرەکیترین مەقولەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، جگە لەوەی ئەرکێکی مۆڕاڵی و ئازادیخوازانەیە، مافێکی بێئەملاو سروشتیی هەر کەسێکیشە.

***فۆبیای دەسەڵات و ئازادی بیروڕا!***

فۆبیای دەسەڵاتی کوردی لە دیاردەی ئینتەرنێت وەکو پانتاییەکی بێکۆنترۆڵ، بەسەروسیمای زەردهەڵگەڕاوی هیستریای میدیای بەردەستییەوە بەباشی دەبینرێ. بەیاننامەکەی کۆبوونەوەی ڕۆژنامەوانانی سەر بە حیزبەکان لە هەولێر، دیباتە ڤیدیۆییەکەی تەلەفزیۆنی زاگرۆس پەخشیکرد کە لەگەڵ بەڕێزان، ئازاد جندیانی، عەتا قەرەداغی، سەرۆ قادر، نیاز لاجانی و ئاسۆس هەردی سازیدابوو، قسەکانی نێچیرەوان بەرزانی لە مەراسیمی یادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا کە دەڵێ؛"دەبێ ئازادی ڕۆژنامەوانی و ناوزڕاندن لە یەک جیابکرێنەوە"، نیشانیدەدەن کە مەنتیقی پشتی ڕاگەیاندنی ئەحزابی دەسەڵاتدارو باو تا گەردنی نووقمی گوێنەگرتن و زبرووتن و قوبوڵنەکردن و داپڵۆسین و مناوەرەی دژە ئازادیە. چۆن لە پێناوی سنووردارکردنی ئازادی بیروڕادا هەموو بەهایەک پێشێلدەکات. جگە لەوەش بەڵگەی بڕوانەبوونی میدیاو دەسەڵاتە بە چەمکی ئازادی بەیان خۆی هەم وەکو هەقێک هەم وەکو واقعییەتێکی ڕۆژانە.

ناوەرۆکی کەمپینی میدیای دەسەڵات دوولایەنەیە؛ یەکەمیان، ئەوەیە کە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستیداوەتە چەواشەکردنی ماهیەتی ئازادی بیروڕاو خەریکە لە ماناو مەفهومی واقعی خۆی دایدەتەکێنێ. ئەوان خەریکن زەین و هۆشی کۆمەڵ بەلاڕێدابەرن و ئازادی بیراورا بە شتێکی یەکسان نیشانبدەن لەگەڵ ئازادی ڕۆژنامەگەریدا! لە کاتێکدا ئەم مافە بەشێک و گۆشەیەکی ئازادی بیروڕایە. دووەم، میدیای دەسەڵات و بەشێکی زۆری نووسەران و ڕووناکبیرانی سەربەخۆش، وێنایەکی سەرتاپا هەڵە دەربارەی ئازادی بەیان دەردەهاوێژن. بە قسەوباسیاندا، بە نووسین و بەرگریاندا، بە ڕەخنەو ڕازو گلەییاندا، بە سیمینارو کۆبوونەوەیاندا، تەنانەت بە پێناسەشیاندا بۆ ئازادی بیروڕا، کە زۆر بەرتەسک و نازانستییە تەسویرێکی هەڵگەڕاوە لەم مەفهومە نمایشدەکەن. ئەم بەڕێزانە ئازادی بەیان یا ئازادی دەربڕینی بیروڕا تەنها وەکو مافێک و پێویستییەکی دیاریکراو و تایبەت بە ڕۆژنامەوانان، نووسەران، شاعیران و هونەرمەندانەوە پیناسەدەکەن. ئەوان پێیان وایە لەبەرئەوەی ئەم جۆرە کەسانە ڕۆژنامە دەردێنن، ووتارو لێکۆڵینەوە دەنووسن، شیعر و شانۆیی وتد دەردێنن، زیاتر لە هەر کەسێکی تر پێویستیان بە ئازادی بەیان بەیان هەیە! بەڵام ئازادی بەیان و بیروڕا یانی ئازادی بێ مەرج و قەیدی ئیبرازی وجودی هاووڵاتیانی کۆمەڵگایەک وەکو ئینسانی ئازادو سەربەخۆ. واتە دەربڕینی ئازادانەی بیروڕاو هەست و شعوری تاک بە هەر شێوەو ڕێبازێک

که خۆی به گونجاوی دەزانێ وە گەیاندنی ئەوانە به ڕای گشتی و به گوێی کۆمەڵگاکەی. هەر کەس و فەردێک مافی خۆیەتی که کۆمەڵگاکەی ئاگاداربکاتەوە لەو بیروڕاو هەست و شعورەی که له ناخیداهەیه بەرامبەر به هەر کەسێک، به هەر دیاردەیەک، به هەر دەسەڵات و مەقام و موقەدەساتێک. هەموو کەسێک هەقی هەیه کۆمەڵگا ئاگاداربکاتەوە له هەر ڕەخنه، سەرنج و بۆچوونێک که هەیەتی بەرامبەر بەم دنیایەو دیاردەکانی ناوی. له هەمان کاتیشدا ئەم مافه مەسەلەیەکی فەوریەو دەمودەست دەبێ دابینبکرێ. پەیوەندی نییه به هیچ سەردەم و قۆناغ وتەجروبەو بارودۆخێکەوە! ئینسان لەو ڕۆژەی پێدەنێتە ژیانەوە هەقی ئاسایی خۆیەتی فەورەن موممارەسەی ئەم هەقەی بکات. لەمانەش واوەتر ئەوەیه که ئازادی دەربڕینی بروڕا بەمانای مەعسومبوون و بەرهەقبوونی ڕەهای گوتارو ڕەخنەو سەرنجی خوارەوەیه (واته جەماوەری خەڵک) له بەرامبەر سەرەوەدا(یانی دەسەڵات). سەرەوە واته حکومەت و دەسەڵات هاتووە ئیدیعای کردووە که بەڕێوەبەرو سەروەری کۆمەڵە. یانی مەسئوولیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای هەڵگرتووەو ئەرکیەتی گوێ له هەر ڕەخنەو دەنگێکی تاک و کۆ بگرێت. ئەرکیەتی به پانتایی کۆمەڵگا ئازادی بەیان بۆ تاک تاکی کۆمەڵ دابین بکات. ئازادی بەیان چەمکێک نییه به تەنها پەیوەست بێ به سیاسەتەوە. مەقولەیەک نییه تەنها پەیوەند بێ لەگەڵ شۆڕش و خەباتکارانی شۆڕشگێڕدا. ئازادی بەیان پەیوەست نییه به ئەحزابی سیاسییەوە بۆ قسەوباسکردن دەربارەی کۆمەڵگاو کێشەکانی. هەتا به مانای ئازادی دەربڕینی تاک نییه دەربارەی کۆمەڵ و دیاردەکانی. بەڵکو ئازادی بەیان بەواتای ئازادی بێ کۆت و مەرجی گشت تاکەکانی کۆمەڵگایەکه بۆ گرتنەبەری هەر جۆرو شێوازێک له ئیبرازی وجودی فەردی خۆیان وەکو ئینسانێک، هەتا بتوانێ ئازادانه بیروڕای خۆی سەبارەت بەم جیهانه بخاتەڕوو. ووتارنووسین، شیعرو چیرۆک نووسین، لێکۆڵینەوە، ڕەخنەگرتن و ڕەخنەووتن، قسەکردن، دەرهێنانی فیلم و شانۆیی، ناڕەزایەتی سازکردن، خۆپیشاندان و مانگرتن، میتینگ و دیبات، هوتافکێشان و...تد، یاخود هەر شێوەیەکی تر که بۆ دەربڕینی هەست و شعوری خۆی پێویستی پێی هەیه هەقی سروشتی و دەمودەستی هەر ئینسانێکەو دەبێ لەلایەن دەسەڵاتەوە دابینبکرێ! گەوهەرو مەنتیقی ئەم چەمکه پەیوەسته به تاکەکانی کۆمەڵگاوە. له ڕۆماننوسێکەوە هەتا کرێکارێک، له شاعیرێکەوە تا سەوزەفرۆشێک وەکو یەک هەم پێویستیان بەم هەقە هەیەو یەکسانیشن له موممارەسەکردنیدا. بەڵام جێگای دەسەڵات و حکومەت لەم نێوەدا کامەیه؟

### *ئازادی بیروڕا کەناڵێک بۆ*
### *هاواری خوارەوە لەدژی سەرەوە*

مانای چی حکومەت و ئەحزابی دەسەڵاتدار هاتووەو دەیەوێ خۆی بهاوێتە تایەکی سەنگی مەحەک و مەعیاری چەمکی ئازادی بیروڕاوەو داوای هەق بکات! تۆ خۆت که دەسەڵاتیت داوای هەقی چی دەکەیت؟ وە ئەم داوایه ئاراستەی کێ دەکەیت؟ ئەگەر له بیانوو ناگەڕێن به "ووتاری زبری ئینتەرنێتی کەسانی نەفام و سەرلێشێواو بۆچی ناوتان دەزڕێ!". ڕاستی مەسەله ئەمە نییە، شتێکی ترە. ئەسڵی مەوزوع خەڵک و کۆمەڵگایه لێتان هاتۆته دەنگ و چیتر قبووڵناکات ئەم وەزعییەتەی ئێستا درێژەی هەبێ! ئازادی بەیان وەکو چەمکێک چ لەڕووی حقوقیەوە بێت یاخود لەڕووی واقعیەوە له مەحەکدانی پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگایەکه لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتی باوی ئەو کۆمەڵەدا. له مەحەکدانی پلەو ئاستی عەدالەتی کۆمەڵایەتیه لەبارەی مەوداو میکانیزم و چۆنێتی دابینبوونی ئازادی بیروڕاو ئیبرازی وجودی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایه. نەک پەیوەندیەکی یەکسان و وەکویەک له نێوان دەسەڵات و خەڵکدا بۆ نموونه. پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان، یا نێوان دەوڵەت و خەڵک وەکو پەیوەندی بەینی دوو کەس یا دوو هاووڵاتی نییه!

پێناسەی ئازادی بیرورِا هەرگیز لە رِابتەیەکی بەمشێوەدا درووستنیە. ئازادی بیرورِا هەقێکە کە دەبێ هەرئێستا دەوڵەت دابینی بکات و سەرجەمی تاکەکانی کۆمەڵی کوردستان فەورەن بەبێ هیچ گرفت و رِێگیریەک بتوانن مومارەسەی بکەن. کەسایەتی و سەرانی دەسەڵات و دەوڵەت هەقیان نییە باسێکی لەمجۆرە بهێننەئاراوە. ئەوان نەک هەر موتڵەقەن ئازادن و کەس ناتوانێ لێیان زەوتکات، هەر چۆنێک دەیانەوێ قسەو بەیانی بیرورِایان بکەن دەیکەن، بەڵکو ئەوان دەوڵەت و دەسەڵاتیان گرتووەو ئەرکیانە هەموو ئازادیەکان، لەوانەش ئازادی بیرورِا بۆ هاووڵاتیان دابینبکەن. بەتایبەت ئەگەر رِاستەو بەهەق ئەوان لەرِێگای هەڵبژاردن و دەنگدانی ئازادەوە متمانەیان پێدراوەو بوونەتە دەسەڵات و حکومەتیان پێکهێناوە، ئیتر بۆچی ئەم هەموو ترسە لە رِەخنەو دەربرِینی بیرورِای خەڵک!؟ یا بۆ دەبێ بیر لە بەستنی دەمی ئەو کۆمەڵگایە بکەنەوە کە گوایا ئێوەی هەڵبژاردووە!؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە حەقیقەتی ئەم کەمپینەدایە کە دەستیدراوەتێ بەمەبەستی سنووردانان بۆ ئازادی بەیانی بیرورِا.

سەنگی مەحەکی ئازادی بەیان ئەوەیە کە کۆمەڵگا بتوانێ و رِێگابکاتەوە هەتا(نەک هەر رِەخنەی توندو جددی و بنیاتنەر بە زمانی زبر یا هەر ناوێکی تری لێبنێی) ناشیرینترین و خراپترین و غەریبترین بیرورِا تەعبیربکرێ و بیبیستێ. سەنگی مەحەکی کۆمەڵێکی کراوەو ئازاد ئەوەیە دەسەڵات و کۆمەڵگا تەحەمولی ببێ هەموو قسەو رِەخنەیەک هەبێ و بووترێ و بنووسرێ و گوێی لێبگرێ! لەژێر هەر ناوێکدا، لەپێناوی هەر مەبەستێکدا هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێک دەستیکرد بە داخستنی دەمی خەڵک و هاووڵاتیانی مانای وایە ئەو کۆمەڵگایە ئازاد نییە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگا دەستیبرد بۆ دانان و پیادەکردنی میکانیزمێک کە بەهاکان و ماناکان و رِاستییەکان بە دەمی خۆیان هاواربکەن و جەوهەری خۆیان بخەنەرِوو بۆ بەردەمی کۆمەڵگاو جەماوەری خەڵک، ئەوکاتەیە کە دەتوانرێ رِەش و سپی بۆ هەمووان ئاشکرا بێ و تەبعەن کۆمەڵگاش لە بەرامبەر دیاردەو ئەفکارو بزووتنەوە کۆنەپەرست و خەتەرناکەکانی لە چەشنی ئیسلامی سیاسیدا بەمهۆیەوە دەتوانێ بەباشی دیفاع لەخۆی بکات، ئەوسا یەک دەوڵەت و رِژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئازاد بوونی خۆی پراتیک دەکات!

23/4/2007